**دەنگەکان :**

**ئایا ڕەنگ و هێڵ توانیوویانە مامەڵەیەکی جیاواز لە وشە لەگەڵ ئەنفالدا بکەن؟ ئاخۆ هونەری شێوەکاریی توانیوویەتی تایبەتمەندییەکی جوانناسی سەبارەت بە ئەنفال دابهێنێ؟**

**شیلان جە بار:**



**تاکو ئێستا زۆرلە هونەرمەندان هەوڵیان داوە بەکاری هونەری چ هونەری شێوە کاری بێت یاخود هونەری شانۆو مۆسیقا،گوزارشت لە کارەساتی ئەنفال بکەن زۆریان توانیویانە کار لە هە ستی بینەر بکەن وە بینەر بگەڕێننەوە بۆ حالەتی ئەنفال. بە راستی دە سەلاتی هونەرمەندو نوسەر تەنها ئەوەیە کە پەیامی خۆی و کۆمەلگە بگەیەنێت بە جیهان . من وەک هونەر مەندێکی شێوەکار،تەنها دەسەڵاتم ئەوەیە هەوڵم داوە بەشیوەنی ڕەنگاکان گوزارشت لەو کارەساتە بکەم. وە هیوادارم توانیبێتم پە یامێک بگەیەنم بە بینەر. بەڵام ئەم کارەساتە ئەوەندە گەورە و خەمناکە،هەر هەوڵێک بدەین هە ر بچوک و گۆشە گیر دە بینە وە و برینی دڵی دایکان و کەسوکاری ئەنفال کراوەکان زیندو دە کەینە وە . لە لایەکی تریشەوە بە داخەوە دە سەڵات دارانیش خوێنی شەهیدان و خەڵکانی برسی ئێستای کوردستان دەکەنە پێکێک و لەم یادە دا دە یخۆنە وە.**









